عێراق ڕەتیدەکاتەوە ببێتە شوێنی دەستپێکردنی دەستدرێژی دژی وڵاتانی دراوسێ

قاسم عەرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی دووپاتیکردەوە که عێراق ڕەتیدەکاتەوە ببێتە شوێنی دەستپێکردنی دەستدرێژی بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەمڕۆ شەممە، قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی پێشوازی لە محەمەد کازم ئال سادق باڵیۆزی ئێران لە بەغدا کرد.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە کۆبوونەوەکەدا پێداچوونەوە بە دوایین پێشهاتەکان و پەرەسەندنی ئەم دواییەی ناوچەکە و مەترسییەکانی بنچینەی ئەم پەرەسەندنانە کراوە.

ئەعرەجی ئاماژەی بەوە کرد: کە ئەعرەجی هەڵوێستی پتەو و ڕوونی عێراقی دووپاتکردەوە سەبارەت بەو هەڵکشانە مەترسیدارەی کە ڕوودەدات، هەروەها ڕەتکردنەوەی عێراق بە دەستپێکردنی دەستدرێژیکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران.

ئەعرەجی بەگوێرەی بەیاننامەکە جەختی لەسەر پێویستی کەمکردنەوەی پەرەسەندن لە ناوچەکە بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری وڵاتان و گەلەکانی کردووەتەوە.